# ئەگەر بەندە نەفرەت لە شتێک بکات؛ ئەوا نەفرەتەکە بەرەو ئاسمان دەڕوات، ودەرگاکانی ئاسمان دژی دەوەستن ودادەخرێن، پاشان بەرەو زەوی دەگەڕێتەوە، ودەرگاکانی زەوی دژی دادەخرێن، پاشان بەرەو لای ڕاست وچەپ دەڕوات، وئەگەر شوێنێک نەدۆزێتەوە کە بۆی بڕوات؛ ئەوا تووشی ئەو کەسە دەبێت کە نەفرەتی لێکراوە ئەگەر شایەنی ئەوە بێت، ئەگەر نا؛ ئەوا بۆ ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە نەفرەتەکەی کردووە

لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر بەندە نەفرەت (لەعنەت) لە شتێک بکات؛ ئەوا نەفرەتەکە بەرەو ئاسمان دەڕوات، ودەرگاکانی ئاسمان دژی دەوەستن ودادەخرێن، پاشان بەرەو زەوی دەگەڕێتەوە، ودەرگاکانی زەوی دژی دادەخرێن، پاشان بەرەو لای ڕاست وچەپ دەڕوات، وئەگەر شوێنێک نەدۆزێتەوە کە بۆی بڕوات؛ ئەوا تووشی ئەو کەسە دەبێت کە نەفرەتی لێکراوە ئەگەر شایەنی ئەوە بێت، ئەگەر نا؛ ئەوا بۆ ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە نەفرەتەکەی کردووە (وتووە)».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر بەندە نەفرەت (لەعنەت) لە شتێک بکات بە زمانی، ئەوا نەفرەتەکەی بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، بەڵام دەرگاکانی ئاسمان دژی ئەم نەفرەتە دادەخرێن، بۆیە نەفرەتەکە بەرەو زەوی دەگەڕێتەوە، ودەرگاکانی زەویش دژی ئەم نەفرەتە دادەخرێن بۆیە ناچێنە نێو زەوییەوە، پاشان بە لای ڕاست وچەپدا دەڕوات، ئەگەر هیچ ڕێگا وشوێنێکی نەدۆزیەوە، ئەوا بەرەو ئەو کەسە یان شتە دەچێت کە نەفرەتی لێکراوە، ئەگەر کەسەکە یان شتەکە شایەنی ئەو نەفرەتە بێت ئەوا تووشی دەبێت، ئەگەر نا ئەو نەفرەتە بۆ ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە نەفرەتەکەی کردووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6986

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee